# دەسەڵاتی یەکسان –
# ئاشتی بەردەوام

و ئاشتیدا

عێراق لە نێوان جەنگ و ئاشتیدا

Kvinna till Kvinna

دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام
بەربەستەکانی بەردەم بەشداری ئافرەتان لە پرۆسەکانی

ئاشتیەوە
توێژەران: جۆهانا مانەرگرین، ئاسا نیکو
یست براندت، ئەگنێتا سۆدەربێرگ جاکۆبسن
ئێدیتەر: ئاسا کارلمان
گرووپی ریفرێنس: ئاسا کارلمان، لۆڤیسا ستراند،
ئیڤە زیلان

The Kvinna till Kvinna Foundation
Slakthusplan 3
121 62 Johanneshov
Sweden

+ 46-8-588 891 00
info@kvinnatillkvinna.se
www.kvinnatillkvinna.se
www.equalpowerlastingpeace.org

# پێشەکی

دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام

قۆناغی جەنگ چۆن دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی ئاشتی؟ کێ ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە ئاششتی بەرپا بکا؟ کێ بڕیاردەدات کە ئەمە چی پێویستە؟ ئاشتی گرینگە بۆ هەمووکەسێک کە دەژین لە ناچەکانی جەنگ، کەواتە کێ بڕیاری ناوەڕۆکی ئاشتیەکە دەدات؟

دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام لێکۆلینەوەیەکە دەربارەی بەشداری ئافرەتان لە پرۆسەکانی ئاشتی و بەربەستەکانی دروستکردنی ئاشتی یەکسانی جەندەری پاش جەنگێکی سەخت. دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام باس لە لەمپەرەکانی بەردەم ئافرەتان دەکات بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەکانی ئاشتی و دیموکراتی لەو ناوچانەی کەوتونەتە نێو جەنگی چەکدارەکان. ڕاپۆرتەکە دەست دەخاتە سەر ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان قسەو کردار هەیە لە بەرپاکردنی ئاشتی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەزموون و زانیاری لە 79 ئافرەتی ئاشتی خواز لە 5 دەوڵەتی جیاوازدا: ئەرمینیا/ ئازەربایجان/ ناگۆرنۆ کەرەباخ/ بۆسنا و هەرزەگۆڤینیا/ کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ/ عێراق و لایبیریا. ئەمانە زۆر دەوڵەمەندن لە ئەزموونی پەراوێزخستن لە کردار و چاوەڕوانی کردنی پەنجەرەی هیوا. ئامانجی دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام بریتیە لە لێکۆلینەوەی پەیوەندی نێوان جەندەر و دەسەڵات و ئاشتی و هەروەها تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی بۆشاییەکانی دەسەڵات کە ئافرەتان قەدەغە دەکات لە بەشداری پرۆسەکانی ئاشتی.

پوختەی ئەو پێنج حالەتەی جەنگ / دوای جەنگ ئامادەکراوە لە سەر بنەمای لێکۆلینەوەی دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام. ئەم برۆشوورەش باس لە بابەتی " عێراق لە نێوان جەنگ و ئاشتیدا."

بۆ تەواوی لێکۆلینەوەی دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام، تکایە سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

www.equalpowerlastingpeace.org

دەسەڵاتی یەکسان   ئاشتی بەردەوام بەرهەمهێنراوە لەلایەن ڕێکخراوی کڤینا تل کڤینا وەکو بەشێک لە پرۆژەی "ئافرەت و چارەسەری ململانێکان". ئەم پرۆژەیە پاڵپشتی دارایی هەیە لە لایەن دەستەی سەقامگیری یەکێتی ئەوروپاوە

# و ئاشتیدا
# عێراق لە نێوان جەنگ

لە 40 ساڵی ڕابردوودا، دەتوانین بڵێین عێراق لە بارودۆخی جەنگدا بووە. جەنگی ئێران و هەڵمەتەکانی ئەنفالکردنی سەدام حسین بۆ لە ناوبردنی تێکۆشانی کورد بۆ سەربەخۆیی لە باکوری عێراق و جەنگی کەنداو و ئەو جەنگەی ئێستا بەڕابەرایەتی ئەمریکا کە بە سەدان هەزار کوژراو ئاوارەی بەدوای خۆیدا هێناوە. لەم ساڵانەدا ئافرەتی عێراقی لە بارودۆخێکی سەختی تایبەتدا بووە. هەرچەندە لە ژێرحوکمە عەلمانیەکەی سەددامدا لەسەرەتا هەندێ هەڵمەت هەبوو بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی پارسەنگی جەندەری، بەڵام دواتر بارودۆخەکە بەرەو خراپی ڕۆیشت و لە سەرەتای نەوەتەکاندا سەددام حسێن پشتی بەست بە سەرکردە ئایینیەکان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی. لەوکاتەوە کۆمەڵگەی عێراقی بەدەر لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی کەلتوری بووە . لەگەڵ رووخانی سەدام و جەنگی 2003 بەرابەرایەتی ئەمریکا، توندووتیژی تایفی سەری هەڵدا. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کە بەبۆنەی کەمبوونەوەی توندووتیژیەکان بوو بەڵام سەلامەتی و ئاساییشی هاووڵاتیان بەتایبەتی ئافرەتان هێشتا لە مەترسیدایە. گڕووپە ئایینی و تایفیەکان بە ڕێکخراوی قاعیدەشەوە بەردەوامن لە ململانێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. ئەم ململانێیەی نێوان و ئایینیەکان و عەلمانیەکان بەتایبەتی سەخت بووە بۆ ئافرەتانی عێراق کە بۆتە هۆی پێشێلکردنی سەرجەم مافەکانیان. بوونی توندوتیژی و ناسەقامگیری لە ناو ماڵ و لەدەرەوە بۆ تەهۆی سنووردارکردنی بەشداربوونی ئافرەتان لە پرۆسەکانی بەرپاکردنی ئاشتی: ناتوانن جووڵە بکەن بەئازادی و جۆرەها یاسا و ڕێسای جیاکاریانە هەیە کە ژیانی ئافرەتی سنووردار کردووە. چاڵاکوانانی مافی ئافرەتان بەردەوام ڕووبەڕووی توندووتیژی و هەڕەشەی کوشتن و تۆقاندن دەبنەوە بە شێوەیەکی ڕۆژانە . لەگەڵ ئەو هەموو کۆت و بەندانە، چاڵاکوانانی مافەکانی ئافرەتان ڕۆڵیان هەبووە لە چەند دەسکەوتێک وەکو دانانی یاسای توندووتیژی خێزانی و سیستەمی کۆتا لە پەرلەمان و پشتگیری پراکتیکی بۆ قوربانیانی توندووتیژی و پشتگیری کردنی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی. ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە عێراق ستراتیژی جۆراوجۆری فەرمی و نافەرمی دەگرنەبەر بۆ فشار خستنەسەر و داکۆکی کردن لە مافەکان لە ژینگەیەکی ئایینی سیاسیەوە .







# 25%

ڕێژەی بەشداربووانی ئافر
ەتان لە پەرلەمان (بەرەوپێشچوو
نی ئافرەتانی جیهان 2011 2012)

تاکو ئێستا هیچ یاسایەک نیە لە عێراق دەربارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی یاخوود جەندەری. ڕاپۆرت هەیە باس لەوە دەکات کە دەستدرێژی سێکسی بەکارهاتووە لە چەند ناچەیەک لە عێراق وەک و ڕێگەیەک بۆ پاکتاوی نەژادی. کچان و ژنان فرێنراون بەمەبەستی بازرگانی.

# ئەزموونەکانی دەسەڵات و بەشداریکردن

ئەم بەشەیان چەند ڕاستیەک دەردەخات لە دوای سەردانێکی مەیدانی بۆ عێراق لە مانگی کانونی دوومی 2012. لەم سەردانەدا دانیشتن ئەنجامدراوە لە هەولیر لەگەڵ 7 نوێنەری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، وەهەروەها چاوپێکەوتن کراوە لەگەڵ شارەزایانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێک چالاکوان لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی.

## مەترسی دانوستانکردن: پاراستن و بەشداریکردن

o کاتێک کە لە ماڵ دەردەچم دەبێت خۆم داپۆشم و لەچک لەسەر بکەم. کە دەگەم بە خاڵەکانی پشکنین زۆر دەترسم چونکە زۆر ترسناکن. کچان هەراسان دەکەن و قسەی خراپیان پێدەڵێن. ناتوانم بە پێ بچم بۆ هیچ شوێنێک. تەنها دەبێت لەڕێگەی شوفێرەکەمەوە بچم بۆ شوێنەکان ئەمەش کارەکەم زۆر سنووردار دەکات. من لەسەر ئینتەرنێت کاردەکەم و حەفتانە یەک ڕۆژ دەچم بۆ ئۆفیس. کاتێک کە قوتابی بووم لە کۆلێژ ئەوا زیاتر لە دوو سەعاتی دەخایەند تا دەگەیشتمە کۆلێژ. دەبایە بە 8 خاڵی پشکنین دا بڕۆیشتمایە کە هەریەکەیان جانتا و جلیان دەپشکنیم. خوێندنەکەم زۆر ناخۆش بوو. بەڵام خراپترین شت ئەوە بوو من هەندێ جار تەرمی مردووم دەبینی لەسەر ڕێگا بۆ کۆلێژ. با چیرۆکێکتان بۆ بگێرمەوە کە دەربارەی برادەرەکەمە ناوی (مروە)ە. ئەو تەمەنی 17 ساڵە. کاتێک کە ئێمە پێکەوە دانیشتبووین دەمانخوێند بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی. من گەڕامەوە بەڵام ئەم برادەرەم هێشتا لەوێ مابوو لەگەڵ برادەرێکی تر. بۆمبێکی سەر ڕێگا پێیدا تەقیەوەو ساچمەیەک چووبە لەشیا. بۆ ماوەی 15 ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوەو پاشان مرد. ئەمە پێش 4 ساڵ ڕوویدا من و برادەرەکانم هێشتا یادی لە دایکبوونی بۆ دەکەین هەموو ساڵ. بەڵام برادەرەکەی تری نەیتوانی بەردەوام بێت و ناچار بوو سەرهەڵگرێ و بڕوا بۆ ئەمریکا.

ئەم چیرۆکە لەلایەن یەکێک لە بەشداربووان گێردرایەوە کە لە بەغدا دەژیا کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی ئافرەتانی عێراقی بووە. توندو تیژی لە ماڵەوەو لە دەرەوە بۆ هۆکاری سەرەکی دانراوە بۆ سنووردارکردنی بەشداری ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

هەرچەندە توندووتیژی بە شێوەیەکی گشتی کەمی کردووە لە عێراق بەڵام سەرهەڵدانی گرووپە تایفی و ئایینیە توندڕەوەکان بەمانای ئاستێکی بەرزی هەڕەشەو ناسەقامگیری دادەنرێت بۆ ئافرەتان. پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئاستی توندوو تیژی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئەمە هەروەها ئەوە دەگەیێنێ کەوا ململانێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکان مەسەلەی ڕیزگرتنی مافەکانی ئافرەتانی بەلا ناوە. بەشداربووانیش دووپاتیان کردەوە هەرکاتێک ئافرەتان بتوانن دەرکەون ئەوا ژیانیانیان دەکەوێتە مەترسی و دەبێت زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەن نەوەکو هێرشیان بکرێتە سەر وەکو ڕفاندن و ئیغتیاب و کوشتن. ئەم مەترسیە گەورەیە وایکردووە کەوا ئافرەتان نەتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام یەکتر ببین و کۆببنەوەو کاری سیاسی ئەنجام بدەن. هەندێک لە بەشداربووان باسیان کرد کەوا هەڕەشەیان لێکراوە چونکە ئەندامی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بووینەو ئۆفیسەکانیان شکێنراوە.

ئافرەتانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکەی هەولێر شایەتی ئەوەیان دا کە توندووتیژی دژی ئافرەتان لەدەرەوە هۆکارەکەی بریتیە لەو توندووتیژیەی کە ئافرەتان ڕووبەڕووی دەبنەوە لەنێو خێزانەکاندا. ئافرەت سەیردەکرێت وەکو هەڵگری شەرەفی خێزان لەبەرئەوە کوشتنی ئەو ئافرەتانەی کەوا ئەم شەرەفە ناپارێزن تەواو قبوڵ دەکرێت. لەسەرەنجامی ئەمەشدا پیاوان وا بیردەکەنەوە کەوا ئافرەت دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت بۆ ئەوەی شەرەفی خێزانەکە بپارێزرێت. ئەمەش ئیشی پیاوانە:

o هەموو ئەندامانی خێزانەکە کۆنترۆڵیان کردبوو بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێریان دەکرد. زۆرکەس هەیە لەنێو خێزان کە کۆنترۆڵی ئافرەت دەکات .

لۆژیکی گرووپە توندرەوەکانیش بەهەمان شێوەیە کە ئافرەت ڕەمز و هەڵگری شەرەفە لەبەر ئەوە ئەگەر دوژمن ئافرەتێکی برد ئەوا شەرەفەکەیان پیس بووەو دەبێت پاکبکرێتەوە جا بە دەرکردنی بێت لە خێزانەکەی یان سزادانی یاخود کوشتنی.

o هەرکە دوژمن ئەوانی برد، بەس خوا دەزانێت چیان بەسەردێت. لەوانەیە جەستەیان پیس بکەن. وە جەستەی ئافرەتیش بریتیە لە شەرەفی خێزانەکە و نەتەوەکە بەگشتی....

لەبەر ئەوە زۆربەی بەشداربووەکان باوەڕیان وابوو کەوا جیاوازیەکی زۆر کەم هەیە لە نێوانی توندووتیژی خێزانی و توندوو تیژی دەرەوە. کارکردن بۆ قوربانیانی توندوو تیژی خێزانی بەشێکی سەرەکی کاری ڕێکخراوەکانە و ئەوانش کە شەلتەریان هەیە، دەبینین ئافرەتان ڕوویان تێدەکەن کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەماڵەوە و زۆربەی جار منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیان دا دەهێنن. هۆکاری هەڵاتنیان و ڕووکردنیان



سیستەمی کۆتا لە هەڵبژاردنی 2005 جێگیرکرا کە دەڵێت ئافرەت دەبێت بەلایەنی کەمەوە 25%ی کورسیەکانی پەرلەمان و دەستە هەڵبژێردراوەکانی تر پڕبکاتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندی ناکۆکیە سیتسیەکان لەپەرەسەندن بن ئاسایشی وولات یارمەتیدەرنابێت بۆ بەشداری ئافرەتان.





-4یاسای نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزانی ئامادەکرا لە 2012 ئەم یاسایە پێشتر لە کوردستان پەسەندکرا لە 2010 کە خەتەنەی ئافرەتان و بەشوودان بەزۆری و بەشوودانی منالان و توندووتیژی سێکسی و کوشتن بەهۆی شەرەفەوە بە تاوان دەناسێنێت.

بۆ شەڵتەرەکان لەوانەیە تۆمەتبارکرابن بە لەشفرۆشی، ئیغتیێاب، یان هەر تاوانێکی تر کە درابێتە پاڵیان. بەشداربووان نموونەیان هێنایەوەو گووتیان ئافرەت هاتووە بۆ شەلتەر جەستەی بریندار بووە بەهۆی ئیغتیێابەوە و خێزانەکەشی ڕەتی کردۆتەوە کە بیبەن بۆ شوێنێکی گشتی وەکو نەخۆشخانە چونکە ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی شکاندنی شەرەفی خێزانەکە .

لەشەلتەرەکان دەرفەتیان رەخساندووە بۆ قوربانیەکان بۆ ئەوەی باس لە ئەزموونەکانیان بکەن و پشتگیریی و ئامۆژگاری یاساییان پێ بدەن .

o ئێمە هێلێکی گەرممان دامەزراندووە لە سەنتەرەکەمان و ئافرەتان ناوە ناوە دێن هەرچەندە زۆرجار دەترسن. ئێمە دەرفەتیان پێ دەدەین بۆ ئەوەی باس لە ناخۆشی و نەهامەتیەکانی خۆیان بکەن بۆ یەکەم جار چونکە زۆر زەحمەتە بتوانیت ئەو بێ دەنگیەی ئافرەت بشکێنی و بە قسەی بهێنی.

ئەمە یەکێکە لەو بوارانەی کەوا دەکرێت ئافرەت تیایدا چاڵاک بیت و لەمپەری زۆری لەبەردەمدا نەبێت. لەبەرئەمە کارکردن لەسەر ئەم کەیسانە یارمەتیدەرە بۆ ئافرەت بۆ ئەوەی پارێزراو بێت و هەروەها هەلی بەشداربوونیشی هەبێت. هەروەکو یەکێک لە بەشداربووان گووتی "ئەگەر ئێمە ڕووبەڕووی توندووتیژی نەوەستینەوە ئەوا بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بەشداری ئافرەتان زیادبکەین لە پرۆسەکاندا". وەهەموو بەشداربووانیش کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە

o کارکردن بۆ لەناوبردنی توندوتیژی خێزانی کارکردنە بۆ هێنانە کایەی ئاشتی

## ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان  قۆناغەکانی داگیرکاری  بێ بەشداری ئافرەت

لەگەڵ ئەوەی بوونیان توندووتیژیەکی زۆری لێکەوتەوە، زۆربەی بەشداربووانی کۆبوونەوەکەی هەولێر باوەڕیان وابوو کەوا کشانەوەی سوپای ئەمریکا هێشتا زوو بوو، نەیانتوانیبوو دەوڵەتێکی ئارام و عەلمانی بۆ عێراق دەستەبەر بکەن. بەشداربووان بە گشتی دەترسان لە سەرهەڵدانی میلیشیا و ڕوودانی جەنگی ناوەخۆ. زۆر لە ئافرەتە بەشداربووەکان باوەڕیان وابوو کەوا هاتنی سوپای ئەمریکا لە 2003 دەرگای والاکرد بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی داوای مافە سیاسیەکانی خۆیان بکەن. ئەمە زۆر ڕاستە بۆ ئافرەتانی هەرێمی کوردستان کە ئیدارەی ئەمریکی ڕوویەکی ئیجابی هەبوو بۆیان. ئافرەتانی هەرێمی کوردستان نیگەران بوون لەوەی کە دوای ڕۆیشتنی سوپای ئەمریکا ئەم توندوو تیژیە تایفیە بپرژێتە ناوچەکەیان و ئەم برە سەربەخۆییەی هەیانە لەدەستی بدەن .

لەلایەکی ترەوە ئافرەتەکان باوەڕیان وابوو کە ئیدارەی ئەمریکی نەیتوانی عێراقیەکان یەکبخات. هەموو ئافرەتەکان یەکدەنگ بوون لەوەی کەوا ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەڵەی زۆریان کرد بە سازشکردن لەسەر جەندەر بۆ ئەوەی سەرکردەکان قەناعەت پێبکەن و بانگیان بکەن بۆ مێزی دانوستان .

یەکێک لە ئافرەتە چالاکوانەکان کە دیمانەی لەگەڵ سازدرا باسی لەو ڕاستیە کرد کە ئیدارەی ئەمریکی شکستی هێنا لە پشتگیری کردنی گرووپەکانی ئافرەتان لە دوو بابەت دا: یەکەم ڕێگەنەگرتن لە ماددەی 41ی دەستووری عێراقی (کە دەڵێت هەر هێز و گرووپێکی ئایینی دەتوانێت کاروبارەکانی باری کەسی بە شێوازی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات). دووەم پشتگیری نەکردن لەسیستەمی کۆتا. وەهەروەها گووتی لەسەرەتا ئەمریکیەکان ڕەزامەندیان نیشاندا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ گرووپەکانی ئافرەتان بەڵام دوای ئەوەی کە دانوستانەکان بە فەرمی دەستی پێکرد، داخوازیەکانی ئافرەتانیان بەلا نا .

o ڕێپێوان و خۆپیشاندانمان ئەنجامدا بۆ پێش پەرلەمان بۆ لابردنی ماددەی 41 لە دەستوور. چاومان کەوت بە باڵیۆزی ئەمریکا گفتوگۆمان لەگەڵ کردو بەڵام ئەوەی خۆی بە دوور گرت لە دەستخستنە ناو دەستوور. زۆر توڕەبووین. ئەمریکیەکان باسی گۆڕینی عێراقیان دەکرد، دەیان ووت عێراق دەکەینە سومبولی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەڵام ئامادە نین گوێ بگرن کاتێک کە ئێمە نارازین لەسەر بەندێکی دەستوور کە پێشێلکاریە لەسەر ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ .

هەروەها ئیدارەی ئەمریکی ڕەتی کردەوە کە پشتگیری لە ئافرەتان بکات کاتێک کە داوای سیستەمی کۆتایان کرد، بەڵام زۆر سوپاس بۆ فشارە سەرکەوتووەکانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کە وایکرد زۆرینەی پەرلەمان دەنگ بەو سیستەمە بدەن .

بەگوێرەی قسەکانی ئەم چاڵاکوانە، ئەمریکیەکان زۆر پەلەیان دەکرد و جەندەریان نەخستە بابەتە سەرەکیەکانی خۆیان چونکە وایان دەزانی ئەم بابەتە کارەکان خاودەکاتەوە. ئەم سیاسەتە بە خێرایی بڕیاری لەسەر درا بە چارەنووسێکی زۆر درێژخایەن بەجێ دەهێڵێت لەسەر ئافرەتانی عێراق .

ئەمرۆ عێراق وولاتێکی داگیرکراو نیە بەڵام بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زۆر گرینگە. بەداخەوە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان UNAMIتەنها پشتگیری تەکنیکی و دارایی پێشکەش دەکات، لەبەرئەوە نەیانتوانیووە ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە داکۆکی کردن بۆ یەکسانی جەندەری. "من پێیان دەڵێم دەبێت ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان هەبێت بۆ ئەوەی کاربکەن بۆ پیادەکردنی هەموو ئەو ڕێککەوتنامانەی خۆتان".
بەشداربووان جەختیان کردەوە کە بەڵگەی بەشداریکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە پشتگیری کردنی کێشەکانی ئافرەتان دەبینرێت لە ڕێکخراوەکانیUNICEF ، UNESCO، UNIFEMکە بەدەم داخوازیەکانەوە دێن بۆ لابردنی ماددەی 41 لە دەستوور 1
هەموو ئافرەتانی بەشداربووی دانیشتنەکە دانیان نا بە گرینگی بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشتگیری لێکردنیان لەلایەن ئەوانەوە. " ئێستا دەزانن ئێمە پەیوەندیمان باشە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەچین بۆ کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان و چاوپێکەوتن دەکەین لە ئاستی باڵا لەگەڵ ڕێکخراوە گەورەکان". بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان فاکتەرێکی زۆر بەهێزبوو لە هێنانە پێشەوەی بابەتی جەندەر. فەندی دەرەکی لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتەکانی ئەوروپی پاڵپشتیەکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانمان و دروست کردنی تۆڕ. پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پەیوەندی ڕێکخراوەکان لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان دەچێتە چوارچێوەیەک کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی و IMF و دۆنەری تر نەخشەی بۆ کێشراوە. کێشە جەندەریەکان باڵ دەکێشێ بەسەر پرۆژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام هەندێ لە نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان باسیان لەوە کردووە کە جەندەر لەوانەیە نەگونجێت بۆ بارودۆخی عێارق چونکە بە بیرۆکەیەکی دەرەکی پێناسکراوە2. لەهەمان کاتدا هەندێک بەشداربوو نیگەرانی خۆیان دەربڕی دەربارەی ئەگەری گۆرینی شێوازی فەندکردن لەلایەن ڕێکخراوەکانی دۆنەرەوە لە فەندکردنی ڕاستەوخۆی NGO کان بۆ فەندکردنی دامەزراوە حکومیەکان کە ئەوان سەرپشک بن لەوەی کام NGO فەند بکەن. بەشداربووان بە گومان بوون لە دامەزراوەکانی ئێستای حکومەت کە بتوانن بە بابەتیانەو سەربەخۆییانە بڕیار بدەن لەم بارەیەوە.

## نەریتەکان و یاساکان : فشار بۆ چاکسازی کردن لە نێو چوارچێوە ئایینیەکان

o هیچ یاسایەک نیە بۆ بەتاوان ناساندنی توندووتیژی دژی ئافرەتان. ئافرەت هەبووە کە چەوسێنراوەتەوە و بازرگانی پێکراوە، بەڵام هیچ یاسایەک نەبووە بۆ ئەوەی ئەم کارە وەکو تاوان سەیر بکات. ئەو ناسەقامگیریەو نەبوونی ئاسایشە کاریگەری زۆر خراپی هەبووە لەسەر ژیان و بەشداری کردنی ئافرەتان لە کۆمەڵگە .

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ئێستا کارەکانی خۆیان پوختکردۆتەوە بۆ ئەنجامدانی گۆڕنکاری یاسایی. لە هەمووش ناخۆشتر ئەوەیە کە یاساکان دەبێت ئایینی بێت یان عەلمانی. زۆر ستراتیژی باسکران لە گفتوگۆکان بۆ ئەوەی مافەکانی ئافرەت بۆ بەشداری کردن لە کۆمەڵگە سنووردار نەکرێت. زۆر لە ڕێکخراوەکان بەشداربوون لەو فشارەی کە دەیانویست بیخەنە سەر دەستووری نوێ ی عێراق کە لە 2005 پەسەندکرا.
ڕێکخراوەکانی ئافرەتان زۆر بە سەرکەوتوویی کاریان کرد لە دژی بڕیاری 137 (کە دەڵێت دەسەڵات بدرێت بە دادگا ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی حوکم بدات لە هەرناکۆکیەک وەکو زەواج و تەلاق). هەرچەندە دەستووری پەسەندکراو چوارچێوەیەکی ئیسلامی هەیە کە دەڵێت ئیسلام وەکو سەرچاوەیەکی یاسادانانە، بەڵام دەستوورە نوێیەکە پڕییەتی لە بۆشایی و ناڕوونی جەندەری. ماددەی 41 وەکو "بۆمبێک دانرابۆوە لە نێو دەستووردا."

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان توانیویانە شارەزاو چالاک بن و بەشداربن لە ژیانی گشتی بە تایبەتی لەو 10 ساڵەی ڕابردوو کە ئاشتی تێدا بەرقەرار بووە. یەکێک لە دەسکەوتەکان بریتی بووە لە کە ریَکخراوەکانی ئافرەتان توانیان یاساي زواج بطۆرن بۆ ئەوەی تەمەني یاسایي بەشوودانی کض لة 14ەوە ببێتة 16. سەرکەوتنێکی تری ئەم هەرێمە بریتی بوو لە کامپینێنێک لە کۆتایی 2011 کە کۆتایی هات بە دەرچوونی یەکەم یاسای توندوو تیژی خێزانی. ئەوە بەدەستکەوتێکی گەورە دادەنرێت لە هەرێمێک کە ناسراوە بە کوشتنی ئافرەت بەهۆی شەرەفەوە.
یەکێک لە چالاکوانان بەو شێوەیە باسی لە ستراتیژی کامپینەکە کرد کە پێکهاتبوو لە گرتنەبەری ڕێگای جۆراوجۆر وەکو لۆبی و دەستنیشانکردنی ئەوانەی گۆرانیان بە دەستە و بەستنی پەیوەندی لەگەڵیان و تۆڕبەندی لەنێوان ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەنجامدانی کاری ڕاستەوخۆ وەکو درامای سەرشەقام لەکۆتاییش پێشکەش کردنی شارەزایی یاسایی لە ڕێگەی پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا:

o بەردەوام ڕێگەی نوێ هەیە بۆ خەبات. ئێمە ناوەندێکی هاوبەشمان ڕاگەیاند کە هەموو ڕێکخراوەکان نوێنەریان تێدا هەیە. لە 3 بوارکارمان کرد لە سیاسەت و میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی. پێشتر زۆر زەحمەت بوو بتتوانیایە باسی کۆشتنی شەرەفت بکردایا. یەکەم جار لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارانە دەستمان پێکرد کە تا ڕاددەیەک باوەڕیان بە مافی ئافرەتەوە هەیە. نەچوون بەلای ئەوانەی کە دژی مافی ئافرەتن. دەستمان کرد بە لۆبی و فشار وە بەهەمان شێوە هەلسوکەوتمان کرد لەگەڵ میدیا. لە 8ی مارس ڕێپێوانێکمان ئەنجامدا بۆ ناوەڕاستی شار بە شێوەی دوو گرووپ لە ئافرەتان. گرووپی یەکەم هەموو ئافرەتەکان جلی سپی خوێناویان لەبەردابوو. گرووپی دووەمیش بە زنجیر بەسترابوون و پیاوێک ڕایئەکێشان. هەروەها ئێمە داوامان لە سەرۆک وەزیران کردووە بۆ دروستکردنی شەلتەر بۆ ئافرەتان. بڕیاردراوەو ئەوەش سەرەتایەکی باشە. ئێمە زانیمان چۆن فشاربخەینە سەرحکومەت و بەردەوام بووین لەگەل بەرپرسان و پارێزەران و داواکاری گشتی. ئێمە خۆمان ڕەشنووسی پرۆژە یاسای توندووتیژی خێزانیمان نووسی دواتر لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا. جاری یەکەم پێشکەشمان کرد لە 2005 بەڵام ڕەتکرایەوە، بەڵام هەر بەردەوام بووین و لە 2011 بەرەزامەندی هەموو ئەندامانی پەرلەمان جگە لەیەک ئەندام نەبێت پەسەندکرا. ئەندام پەرلەمانانی حزبە ئیسلامیەکانیش پەسەندیان کرد. ئەمە بەو جۆرە یاسای توندوو تیژی قبوڵ کرا و ڕێکخراوەکانیش بەم شێوەیە هەماهەنگیان کرد. ئەمە دەسکەوتی 20 ساڵ تێکۆشانە .

## بەشداری سیاسی: ستراتیژیەکانی بڕیاردان

گەورەترین دەستکەوتی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەکاتی ئێستا بریتی بووە لە 25%ی یاسای هەڵبژاردنە کە دەڵێت دەبێت ئافرەت لە 25%ی پۆستەکان بوونیان هەبێت. بزووتنەی ئافرەتانی عێراق زۆر بە چڕی کاریکردووە لەسەر ئەم پرسە و ئیمزای کۆکردۆتەوە و لۆبی کردووە. لە ڕێی هەلمەتەکانی دەنگدان کاریان کردو هانی ئافرەتانیان داو ئافرەتیان پاڵاوت بۆ هەڵبژاردنەکان و توانیان زیاتر لە سێ یەکی ئەندام پەرلەمانەکان ئافرەت بێت لە 2005 بەڵام ئەم ڕێژەیە کەمی کردووە لە هەڵبژاردنەکانی تر ئەمەش مانای ئەوەیە هێشتا پێویست دەکات ئێمە کار

بۆ ئەو پرسە بکەین . ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئافرەت ئەمرۆ بوونیان هەیە لە پەرلەمان و وە تا رادەیەکیش لە ئەنجوومەنەکان و لیژنەکان. یەکێک لە بەژداربووان کە پێشتر لە حکومەت بوو باسی لە ئەزموونی خۆی کرد کە پڕ بوو لە جیاکاری لە دونیای سیاسەت .

o لە سەرەتادا زۆربەی پیاوان دانەدەنیشتن لە تەنیشتم چونکە من ژن بووم. بۆشاییەکیان جێدەهێشت لەنێوان من و خۆیان و دەیان ووت ناتوانین نزیکتربینەوە. بەڵام بارودۆخ گۆرا و زیاتر باسی مافەکانی ئافرەتمان کردوو کۆبوونەوەی زیاترمان کرد. من هەوڵمدا بۆچوونیان بگۆڕم دەربارەی ئافرەت. ئافرەت دەتوانیت بەشداریتان لەگەڵ بکات لە ژیانی سیاسی و سەرچاوەکان، پێم گووتن من کەسێکی خوێندەوارم و من ئەندازیارم.

سیستەمی کۆتا هەموو لایەک پشتگیری خۆی بۆ دووپات کردۆتەوە وەکو هەنگاوێکی سەرەکی بۆ شکاندنی بەربەستەکان. هەرچەندە هەندێک کێشەی پێشبینی نەکراوی بەدوای خۆیدا هێنا. بۆ نموونە ئەو ئافرەتەی هەڵدەبژێردرا ئەزموونێکی زۆر کەمی هەبوو گرینگی نەدەدا بە کۆشش بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی ئافرەت. باشترین نموونەش ئەوەبوو کە زۆربەی ئەندام پەرلەمان و سیاسەتمەدارانی ئافرەت دەنگیان بە ماددەی 41ی دەستووردا هەرچەندە فشارێکی زۆر هەبوو لەلایەن رێکخراوەکانی ئافرەتان.

چونکە هەر حیزبەو کۆنترۆلی لیستی کاندیدەکانی دەکات، هەندێک لەو حزبانە ئافرەتی وایان کاندید نەدەکرد کە چاڵاکە لە بواری سیاسی و پێگەیەکی بەهێزی هەیە. هەروەها بەشداربووان جەختیان کردەوە کە ئەو ئافرەتانە دووردەخێنرانەوە کە تۆزێک قورساییان هەیە لە کۆمەڵگە، بەتایبەتیش ئەوانەی کەوا هەڵگری بیروبۆچوونی جەندەرن. گەیشتووین بە بارودۆخێک کە ئافرەتان ئێستا لە پەرلەمانن بەڵام پێیان دەگوترێت دەنگ بەمە بدەو گوێڕایەڵ بە.لەبەرئەوە نابێت گلەیی و گازاندە لە ئافرەتان بکرێت بەڵکو دەبێت گلەیی لە حزبەکان بکرێت کە هۆکاری ئەم بارودۆخەن.

## هەژاری و پەراوێزخستن: لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەشداربوون

زۆربەی بەشداربووان پەیوەندیەکی زۆر بەهێز دەبینن لە نێوان هەژاری و ئاشتیدا:

o کاتێک کە باری ئابووری لاواز دەبێت پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کز دەبن و سایکۆلۆژی ووڵات و تاکەکان تێکدەچێت. تووڕەیی و ترس زیاد دەکات. لەو ژینگەیە توندووتیژی سەرهەڵدەدات و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئاشتی و سەقامگیری هەبێت ئەوا باری ئابووری دەبوژێتەوە .

هەروەها نەخوێندەواری بە فاکتەرێکی تر دادەنرێت بۆ چەوسانەوەی ئافرەتان " ئێمە ئافرەتی نەخوێندەوارمان هەیە و هیچ نازانێت، لەتەمەنی 12 سالیدا مێردی کردووە کە تەمەنی دەبێتە 14 منالێکی هەیە "

o بابەتە کۆمەڵایەتیەکان هیچ گرینگیەکیان پێنادرێت. کەچی بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان زۆر گرینگن و بەوان تۆ دەتوانیت سەرتاسەری کۆمەڵگە بگۆڕیت. زۆربەی ئافرەتان ناشارەزاو نەخوێندەوارن ئەمەش بە هیچ شێوەیەک باش نیە بۆ ووڵات. کاتێک کە ئێمە دەڵێین ئیمە یارمەتی ئافرەت دەدەین بۆ ئەوەی سەربەخۆبیت و بتوانێت منالەکانی بەخێوبکات ئێمە تەنها یارمەتی ئافرەت نادەین بەڵکو یارمەتی هەموو کۆمەڵگە دەدەین .

بۆ ئەوەی دووركەوینەوە لە نەریتە خراپەکان و بۆچوونە دژەکان، پێویستە کێشەکانی هەژاری و نەخوێندەواری چارەسەربکەین. هەژاری هۆی هەموو کێشەکانە. ناتوانین بە کوشتن بە هۆی شەرەفەوە دەست پێ بکەین و بڵێین ئەمە هەڵەیە. نەخێر، ناتوانین. بەشداربووان هیوایان خواست کە کاتێک ئاستی خوێندەواری ئافرەتان بەرز دەبێتەوە ئەوا دەتوانن لە ڕووی ئابووریەوە زیاتر پێشکەوتوو تر بن و بۆچوونی ئازادانەیان بۆ دروست بێت. لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان هەژاری و تەندووتیژی، ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە ئافرەتان دەرفەتی ئەوەیان نەبووە کە دەسەڵاتیان هەبێت .

ئەمرۆ نزیکەی 1 2 ملیۆن بێوەژن هەیە لە عێراق کە بارودۆخیان لەو پەڕی خراپی دایە. . ئەوانە لەبەرئەوەی پیاوەکانیان لەدەستداوەو خۆیان سەرۆک خێزانن، جارێک بە پاڵەوان و جارێکیش بە بارهەڵگری خەمەکان ناو دەبرێن. هەندێ جاریش بۆ مەرامی نیشتمانی بەکاردەهێنرێن. بەڵام حالیان زۆر شپرزەیەو لەهەموو شتێک بێ بەشن. ئەوانە ناتوانن کار بکەن و مێرد بکەن، لەوانەیە ئاوارەبێت دوور لە خزم و کەسانی بێت، بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت دەبێت و خێزان و منالەکانی خۆی بەخێوبکات. "دەبینین منالی تەمەن 7 ساڵ دەرۆزە دەکات و بازرگانی پێ دەکرێت. ئەوانە منالی بێوەژنەکانن دەبێت کاربکەن بۆ ئەوەی دایکەکەیان بەخێو بکەن.

هەندێک لەبەشداربووان کارەکانیان بۆ بێوەژنەکان بە بەشێکی سەرەکی دانا بۆ بنیاتنانی ئاشتی لە رێگەی پشتگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ یان. بەشداربووان باسیان لە چەند رێگایەک کرد وەکو پرۆژەی قەرزی بچووک بۆ بێوەژنان.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئافرەتان هەستدەکەن کە زۆر ئاست هەیە دەبێت کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی بتوانن گۆرانکاری دروستکەن. بۆ نموونە هەستیان بەوە کردووە کە دەبێت گۆرانکاریەکی سەرتاسەری لە کۆمەڵگە ڕووبدات بۆ ئەوەی هەژاری نەبەسترێتەوە بە ئافرەتان. وەهەروها دەبێت بودجە بۆ جەندەر دابنرێت. چونکە هیچ ئافرەتێک بەشدارنەبووە لە پلانی نیشتمانی پێنج ساڵە. بابەتێکی تر بریتیە لە نەبوونی بەدواداچوون بۆ ئەو یاسایانەی کە ئێستا دەرچوونە. بۆ نموونە ئەو یاسایەی کە دەڵێت خوێندنی سەرەتایی بە زۆرەملێیە بۆ کوڕان و کچان. کەس بەدواداچوون ناکات ئەگەر هاتوو کچێک قەدەغەکرا لە خوێندن .

o هیچ ئامارێکمان لەبەر دەستدا نیە دەربارەی بارودۆخی ئافرەت لە عێراق. لە 14 ساڵی ڕابردوودا من هەموو کاتی خۆم تەرخان کردبوو بۆ کەیسەکانی ئافرەت لە دادگاکان. لەبەر ئەوەیە من دەڵێم گرینگە ئامارێک لە ژێردەستدا هەبێت. کەواتە پێویستیمان بە ئامارێک هەیە بۆ بێوەژنان و ئافرەت بە گشتی بۆ ئەوەی حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بزانن خزمەتگوزاریەکانیان بۆ کێ دەنێرن.

## نەریتەکان و بەهاکان: دانوستانی ئایینی و عەلمانی

ئافرەتانی چالاکوان پرسیاردەکەن ئاخۆ تاچەند دەکرێ لەگەڵ سەرکردە ئایینیەکان هاوکاری و هەماهەنگی بکرێت. باشترین ستراتیژی چیە؟ ڕووبەڕووبوونەوە یان دانوستان و دایەلۆگ؟ زۆر چالاکوانی ئافرەت و سیاسەتمەدار هەیە کە سەرکردە ئایینیەکانیان لە خۆگرتووە و باوەڕیان وایە کە بوونی سیستەمێکی عەلمانی مەرجێکی پێویست نیە بۆ بەرەو پێشبردنی مافەکانی ئافرەت. هەندێک لە ئافرەتان زۆر بە ئازارەوە دەڵێن ئیسلام وەکو ئایین هیچ کەموکوڕیەکی نیە. "ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئیسلام بکەین دەبینین ئایینێکی زۆر لێبوردەیە و داوای هەڵسوکەوتی باش دەکات لە بەرامبەر ئافرەتان. ئەوەی کە ناخۆشی کردیە بریتیە لە خراپ جێبەجێکردنی ئەم ئایینە پیرۆزە". یەکێک لە بەشداربووان باسی چۆنیەتی سەرکەوتنی خۆی کردن لە کارکردن و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ مەلاکان. ئەو باسی ئەوەی کرد کە چۆن یەکێک لە مالاکان هاتۆتە لای و باسی ئەوەی کردووە کە چۆن سوپاسی کراوە دوای ئەوەی باسی مافی ئافرەتی کردبوو لە یەکێک لە ووتارەکانی ڕۆژی هەینی. پاش 3 ووتار ئافرەتەکان هاتوون بۆ مزگەوت و بە مەلاکەیان ووتوە زۆر سوپاست دەکەین چونکە هەلسوکەوتی مێردەکانمان زۆر باش بووە لەگەل ئێمە. داوای لە مەلاکە کردووە کە ناوە ناوە لەم جۆرە ووتارانەیان بۆ بلێ. هەروەها ئەم جۆرە هاوکاریکردنە بۆتە هۆی ئەوەی کەوا دەرگا بکرێتەوە بۆ باسکردنی چەندەها بابەتی هەستیار دەربارەی مافەکانی ئافرەت لە نێو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

o لەسەرەتاوە زۆر زەحمەت بوو کە تەنها باسی کووشتن بەهۆی شەرەفەوە بکەیت، بەڵام جاری یەکەم چووین بۆ ئەو سیاسەتمەدارانەی کە لەگەڵ مافی ئافرەت بوون نەچووین بۆ ئەوانەی کە دژی بوون.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەل نوێنەرێکی یەکێتی زانایانی کوردستان، دووپاتی کردەوە کە پەیوەندیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە بەهێزبووندایە. ئەم نوێنەرە گووتی ئێمە نزیکەی 5000 7000 ئەنداممان هەیە و بە یەک ووتاری هەینی دەگەینە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس:

o لەبەر لایەنی مرۆڤایەتی ئێمە ناتوانین بێدەنگ بین کاتێک کە ژنێک دەکوژرێت. گەورەترین کێشە ئەوەیە کە خەلکی بە خراپی عادەت و نەریتەکان جێبەجێ دەکەن و وادەزانن کە ئەمە بەشێکە لە ئایین. بۆ نموونە پیاوێک ژنێک دەکوژێت و وا دەزانی شتێکی باشی کردووە. ئێمە باوەڕمان وایە کە کۆمەڵگە بە هیچ شێوەیەک پێش ناکەوێت ئەگەر توندوو تیژی تیا بێت. ئێمە نموونەی زۆر جوانمان هەیە کە لە کاتی پێغەمبەر (د.خ) چۆن کچان و دایکان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

لەبەر کارکردن لەگەل ئیمامەکان هەندێک لە بەشداربووان بە گومانەوە سەیری هاوکاریکردنیان دەکرد لەگەڵ پیاوانی ئایینی. "ئێمە نامانەوێت ببین بە هاوڕێ ی مەلاکان و داوای هیچیان لێ ناکەین و بەو شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو لەگەلیان ئەڕۆین". ئەوان دەیانگووت کە بابەتەکانی توندووتیژی و میرات و زەواج و تەڵاق بابەتی هەستیارن لەبەر ئەوە واباشترە بگەین بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ سەرکردە ئایینیەکان. بەڵام هێشتا بیریان لەوە دەکردەوە کە یادەبێت خۆیان دوورە پەرێزبگرن یاخوود ئەم بارودۆخەی ئێستا قبوول بکەن و ئیمامەکانی پێ بگۆڕن. ئافرەتان ئێستا چاوکراوەو بەتوانا بووینە و دەتوانن بۆ شاییە یاساییەکان بدۆزنەوەو ستراتیژیەک بگرنە بەر کە هەندێک دەسەڵاتی پێ بەردەست بکەن .

o یەکێک لە بەرپرسان پێی گووتم ئێوە ژنان چیتان دەوێت؟ دەتانەوێت یەکسان بن لەگەل پیاوان؟ خۆی وەڵامی خۆی دایەوە. ناکرێت. کەواتە ڕێکخراوەکان دەبێت چەند فێلێک بکەن بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەگینا سەرکەوتوو نابیت. ئێمە بە بەرپرسەکەمان ووت ئێمە دەمانەوێت ببین بە خاوەنکار و نامانەوێت یەکسان بین لەگەل ئێوە. پێمان ووتن یەکێک لە خێزانەکانی پێغەمبەر (د.خ) بازرگان بووە ، ئەگەر ئەو بتوانی ، بۆچی ئێمە ناتوانین؟

نموونەیەکی تر باسکرا دەربارەی بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری تەندروستی ئافرەتان. ئەمە بە پرۆژەیەکی سەلامەتی ناودەبرا بۆ ئەوەی هەموو ئافرەتان بتوانن بەشداری تێدا بکەن و بچن بۆ ۆرکشۆپەکان و زانیاری تەندروستی فێربن. هەر لەم ڕێگەیەوە زانیاری یاساییان پێدەدرا. "کەواتە ئێمە بە ناراستەوخۆ دەتوانین ئامانجەکانمان بپێکین. ئەگەر چالاکی بەرزکردنەوەی ووشیاری تەندروستیمان هەبێت ئەوا زانیاری یاساییان پێ دەدەین لەو ڕێگەیەوە."

## ئافرەت و تائیفەکان: دانانی بەردی بناغەی ئاشتەوایی

زۆر چین و توێژی جیاواز هەیە لە عێراق. گرووپی جیاواز هەیە لە نێوان ئایینەکان، لە نێوان عەلمانیەکان، لەنێوان یەک ئایین، لە نێوان هەرێمەکان و لە نێوان پیاوان و ئافرەتان. بەشداربووان باوەڕیان وابوو دەتوانن ڕۆلێکی سەرەکی ببین لە گێرانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. هەر لەسەر بابەتی تائیفیەت و نایەکسانی جەندەری، یەکێک لە بەشداربووان گووتی ماددەی 41 بێجگە لەوەی ناحەقی دەرهەق بە ئافرەت دەکات، خێزان هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆمەڵگەش لەسەرنجام تێک دەچێت:

o مانای ئەوە ئێمە دەبێت دادگایەکی سیعەو دادگایەکی سوننەو ...هتد هەمان بێت. خەڵکی بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت و بە شێوەیەش ناسنامە ئایینیەکەی کەسەکە پێناسی دەکات و پایەی بۆ دادەنێت.

هەروەها باوەریان وابوو کەوا تائیفیەت لەسەرنجامی ململانێی سیاسی دروست بووە وە گرووپە چەکدارەکانیش چوونەتە پاڵیان کە توندوو تیژی دەنێنەوە بە پشتیوانی ووڵاتانی دراوسێ کە چەک و کۆمەکیان بۆ دەنێرن. خەلکی عێراق دژی یەکتر نین. ئەگەر سەیری خەلکی ئاسایی بکەین

دەبینین سوننەو شیعەو کورد و عەرەب و مەسیحی    هەموو نەتەوەکان لە عێراق دەژین پەیوەندیەکی بەهێزیان لەنێودایە و هیچ کێشەیەکیان نیە. لەبەر ئەوە بۆ خەلکی ئاسایی زۆر گرینگ نیە سەر بە کامە حزب و گرووپ بێت. هەندێک جار خەلکی قاعیدەیان پێ باشترە چونکە وادەزانن دەیانپارێزێت لە سوپای مەهدی. لەبەر ئەوە رێکخراوەکان هەوڵ دەدەن لە ناخی خەڵکەوە کار بکەن و تۆر ببەستن و تۆی ئاشتی بچێنن.

هەروەها باسکرا لە کاتی داگیرکاری ئەمریکادا جیاوازی و شەڕی تایفی گەیشتە ئەوپەڕی و ئەوانەش کە کاریان بۆ یەکێتی خاکی عێراق دەکرد پەراوێزخرابوون.

- پێش ئەوەی ئەمریکیەکان بێن ئێمە هەندێ ووشە هەبوو بەکارمان نەدەهێنا وەکو کورد و شیعە ...هتد. من چەندەها ساڵ کارم کردووە لە عێراق کەس پێی نە ووتووم تۆ مەسیحی یان چی؟ وە من چەندەها برادەرم هەیە نەمزانیون داخووە سوننەن یان شیعەن یان مەسیحی یان هەر شتێکی تر بەڵام ئێستا دوای ئەم جیاوازیە تایفیە دەزانم کێن؟ من بەختەوەربووم کە هەڵبژێردرام وەکو ئەندامی ئەنجوومەنێک. ئەمریکیەکان فۆرمیان دابەش دەکرد بەسەرمان لەم ئەنجوومەنەدا وە یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەبوو داخووە تۆ سوننەی، یا شیعە یان مەسیحی یا ...هتد. وەمن نووسیم من عێراقیم .

صدام حسین بۆ ئەوەی لاوازیەکەی خۆی بەهێز بکات لە 1990ەکان پشتی بەست بە سەرکردە ئاینیە توندڕەوەکان. ئەمریکیەکانیش زۆر گرینگیاندا بە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکەی عێراق بۆ دروستکردنی ئاشتی. هەرچەندە ئەمە لەوانەیە سەرکردە تایفیەکانی رازی کردبێت هەروەکو ئاشکرایە لەم قسەیەی سەرەوە، بەڵام زۆر بە قووڵی خەلکانی ئاسایی بریندارکردووە.

لە بارەی ژنان چۆن دەتوانن بەشداری بکەن لە پرۆسەی ئاشتەوایی و بنیاتنانی عێراقێکی یەکگرتوو، بەشداربووان بە ترسەوە سەیری ئەم بابەتەیان کرد لەبەر بوونی ناکۆکیەکان و کەمی پەیوەندی نێوان گرووپە جیاوازەکان کە کاریگەری سلبی خۆی هەیە لەسەر کارو چالاکیەکانی ئافرەتان. دژە ژنی لە زۆر بوون دایە. بە گشتی، بەشداربووان دووپاتیان کردەوە کە ئافرەت دەتوانێت رۆڵ ببینێت بە حوکمی ئەوەی ئافرەت بە تەبیعەت سالمترن لە پیاوان و ئاشتیخوازترن و ئەگەر ببن بە کاربەدەست ئەوا ئاشتی لە جیهان دەچەسپێ        .

لەبەرئەوەی ناکۆکی زۆر هەیە لە نێو گرووپە جیاوازەکاندا، پێدەچێت زەحمەت بێت بۆ ئەوەی ئافرەتان کاربکەن و تۆڕبەندی بکەن، بەتایبەتی تاکو ئێستا بوونی ئافرەت لە سیاسەت و دانوستانەکان شتێکی زۆر ئاسان نیە. لە هەرێمی کوردستان رێکخراوەکانی ئافرەتان توانیویانە بەشداری بکەن لەو هەوڵانەی کە دراون بۆ دانوستان و ناوبژی کردن لەنێوان دەسەلات و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کە تاکو ئێستا سیاسەتیان پەکخستبوو لە کوردستان.
لە کۆتایی گفتوگۆکە دەربارەی ئاشتی و ئاشتەوای، باس لەوەکرا کە هەموو چالاکیەک بۆ کەمرکردنەوەی بۆشایی نێوان پیاوان ئافرەتان لە عێعێراق بە بەشێک دادەنرێت لە پرۆسەی ئاشتەوایی. هەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان رێکخراوەکانی ئافرەتان و پیاوانی ئایینی کە لەسەرەوە ئیشارەتی بۆ کرا بوو، یەکێک لە بەشداربووان گووتی کاتێک ئەم جۆرە دایەلۆگانە دەبەسترێت، کاریگەری راستەوخۆی دەبێت چونکە باس لە کێشە هەنووکەییەکانی ئافرەت دەکرێت. وەهەروەها کاریگەری درێژخایەنیشی دەبێت بە بەرقەراربوونی ئاشتی لە کۆمەڵگە .

- پێویستە دانیشتن زیاتر بکەین لەگەڵ پیاوان و ئافرەت پێکەوە بۆ ئەوەی چۆن بتوانین لەیەکتر نزیکبینەوە و یەکتر قبووڵ بکەین. دەتوانین رۆلێ ناوبژی بگێرین لە نێوان پیاوان و ئافرەتان بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن. دەتوانین پرۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان پیاوان و ئافرەتان بەرێوەببەین.

نزمی ئاستی ووشیاری هۆکارە بۆ ململانێکان، وەهەموو پرۆژەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری لە نێوان پیاوان و ئافرەتان دەبێتە بەرقەراربوونی ئاشتی لە ماوەیەکی درێژخایەندا. "بەرزکردنەوەی ووشیاری واتە بەرزکردنەوەی متمانە، ئەو کەسانەش کەوا متمانەیان بەخۆیە دواتر دەبن بە ئاشتیخواز .

# شیکردنەوە

## پێشیلکاریەکان

عێراق نموونەیەکە لەو ووڵاتانەی کەوا توندوتیژی تێیدا بەردەوام دەبێت دوای ئەوەی ئاشتی بەفەرمی ڕادەگەینرێت. توندووتیژ و نا سەقامگیری لە ناوەوەو دەرەوە ئازادی ئافرەتی بەرتەسک کردۆتەوە بۆ بەشداری سیاسی. توندوو تیژی خێزانی و سەربازی دوو جۆری پەیوەندیدارن چونکە لاشەی ئافرەت بۆتە شوێنی ئەم توندوو تیژیانە لە کاتەکانی جەنگ و ئاشتیدا. ئەو توندوو تیژیەی کە ئافرەت رووبەرووی بۆتەوە لەسەرەنجامی ئەو لۆژیکە بووە کە لاشەی ئافرەت مەحرەمەو بەستراوەتەوە نەک تەنها بەشەڕەفی خێزانەکە بەڵکو بە هی هەموو کۆمەڵگەکە .

هەرچەندە یاسای توندووتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان پەسەندکراوەو پێشبینی دەکرێت لە عێراقیش ئەم یاسایە دەرچێت، بەڵام چەندین یاسای تر هەیە کە جیاکاری تێدایە دژی ئافرەت و بەربەست دەخەنە بەردەم بەشداری ژنان. هەروەها ژنان هەوڵیان داوەو  شەڕیانکردووە بۆ ئەوەی بەشێک لەو یاسایانە هەمواربکرێنەوە.

زۆربەی ئافرەتانی عێراقی هەژارن و پەراوێزخراون. ناتوانن کاربکەن لە ژینگەیەکدا کە هەموو شتێکیان لێ بەرتەسک کراوەتەوە، وەهەروەها دارایی خانەوادەکەی خۆیان لەدەست نیە. سەبارەت بە پێشێلکاریە نێودەوڵەتیەکان دەربارەی ئافرەت و جەندەر ئەوا زۆرن کە

ئەنجامدراون لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق. هەروەکو ئینلۆ دەلێت "باری یاسایی ئافرەتانی عێراق بۆتە یەکێک لە کەرەسەکانی جەنگ". عێارق نموونەیەکە لەو وولاتانەی کە بڕیاریان دەرکردووە کار لەسەر کێشە جەندەریەکان نەکەن نەوەکو جیاواز دەرچێت لەگەڵ ئەوانی تر. کێشە جەندەریەکان بۆ تە هەڕەشە بۆ بارودۆخی ناسکی ئێستا. هەرکاتێک کە ئەم بارودۆخە سەقامگیرتر بوو، کێشە جەندەریەکان دەبێت زیاد بکرێت لە ئەجندای بنیاتنانەوەی عێراقی دوای ململانێکان. زۆرجاریش کاتێک کە کاتی دانانی ئەجندا تێپەری زۆر زەحمەتە شتێکی بۆ زیادبکەین.

## دەستکەوتەکان

لەگەڵ بوونی مەجالێکی کەم بۆ بەشداریکردن،ڕێکخراوەکانی ئلفرەتانی عێراق نەریتی بەشداریکردنیان پاراستووەو کارامەیی باشیان هەیە لە دانوستان کردن لە بارودۆخە سیاسی و ئاینیەکان کە دەستنیشانی دەسەڵات دەکات لە عێراقی ئەمرۆ.هەرچەندە ئەم ڕێکخراوانە خزمەتی ژمارەیەکی کەم لە قوربانیانی توندوو تیژیان کردووە بەڵام توانیویانە پێکهاتەیەکی شەلتەر دروست بکەن و ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە بۆ پاراستنی ژنان و پێشکەش کردنی یارمەتی یاسایی و سایکۆلۆژی.

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کاری سەرکەوتوویان ئەنجامداوە دەربارەی یاساکان و نەهێشتنی جیاکاری، کە شتێکی زۆر سەرەکیە بۆ بەهێزکردنی مافی ئافرەت. وەهەروەها توانیویانە سیستەمی کۆتا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بچەسپێنن ئەمە یەکێکە لەدەسکەوتە گرینگەکان. کاریان کردووە پێکەوە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و چالاکوانانی بواری ئافرەتان لە وولاتانی تر کە سیستەمی کۆتای تیایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ترسی ئەوەیان هەیە کە کۆتا بڕفێندرێت لەلایەن حیزبەکانەوە لەبەرئەوە ستراتیژیان داناوە بۆ ئەوەی ئافرەتانی سیاسەتمەدار بەهێز بکەن بۆ ئەوەی بەکاری سیاسی خۆیان هەستن .

دەرچوونی یاسای توندوو تیژی خێزانی کە کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان پێی هەستابوون ئەمەش یەکێکە لە دەستکەوتەکان. ئەوان بەڕاستی پلان و تەنسیقی باشیان هەبووە، وەجوهدەکانیان یەکخستووە بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە وەهەروەها بەرە بەرە هەوڵدەدەن کەلتوری کوشتن بەهۆی شەرەف نەهێلن و ڕێگای نوێگاری بگرنە بەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ پیاوانی ئاینی. توانیویانە ئەو لایەنانە دەستنیشان بکەن لەنێو پێکهاتە ئاینیەکە کە گۆرانکاری پێدەکرێت و هەماهەنگیان لەگەڵ بکەن لەسەر ئەو بابەتانەی کە کۆکن لەسەری وەکو توندوتیژی ئاینی، کوشتنی بەهۆی شەرەف.

هەروەها چالاکوانەکانی بواری ئافرەتان ڕێگەی ناڕاستەوخۆیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. یەکێک لە چالاکوانان باسی لەوە کرد کە ئەوان پرۆژەیەکی تەندروستیان جێبەجێ دەکرد بۆ چەند ئافرەتێک لە پاڵ ئەمەشدا باسی مافە یاساییەکانیان بۆ دەکردن .

## بەربەستەکان

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێکخراوەکان توانیان پلاتفۆرمێک دروست بکەن لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ شایی دەسەڵات هەیە لە نێو پێکهاتە رەسمی و نارەسمیەکان وەکو هەر وولاتێکی دوای ململانێ. چۆن دەگەیت بە سەنتەرەکانی بڕیاردان هێشتا باش دەرنەبڕدراوە، بەڵام لەلایەکی تر دەبینین چۆن بە خێرایی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتوون بەمە. ئەگەر ئەکتەرەکانی گۆران زیاتر لە دەرەوەو ناوەوەی پێکهاتە ئاینیە دەستنیشان بکرێت و کاری زیاتر بکرێت و ئەوا کاریگەری زۆر گەورەی دەبێت لەسەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان.

تایفەگەری و پابەندبوون بە نەریت بەردەوامی هەیە لە عێراق. وەهەروەها دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە هەرچەندە هەندێک لە یاسای شەریعەت لەگەڵ بنەماکانی مافی ئافرەت ناگونجێت بەڵام زۆر لە چالاکوانی بواری ئافرەتان هەیە پێداگری دەکات و دەڵێت ماف و پێداویستیەکانی ئافرەت تەنها لە سیستەمێکی ناعەلمانی جێبەجێ دەبێت.

بەربەستێکی تر کە پەیوەندی هەیە بە سیستەمی کۆتا ئەوەیە تەنها بوونی ژنان لە نێو سیستەمە سیاسیەکە لە وانەیە بەرهەمێکی پێچەوانەی هەبێت. وەهەروەها ئەو ژنانە لەوانەیە لە پێگەکانی خۆیان زیاتر داکۆکی لەسەر ئەجندای حزبەکەی بکات نەوەک کێشە جەندەریەکان بۆ نموونە کە کێشەی ژنانە. وە ئەگەر یەکێک لەو ژنانە کێشەکانی ئافرەتی بهێنێتە پێشەوە ئەوا مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کەوا لە حزبەکەی دەربکرێت و ئەو کەمە دەسەڵاتەی کە هەیانە لەدەستی بدەن. وەهەروەها ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ڕۆلی گرینگیان هەبووە وەکو ئامۆژگاریکارو ڕاهێنەر بۆ ئەو ئافرەتانەی کە تازە دەست بەکاری سیاسەت دەکەن .

بۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کە دانوستان بکەن لە نێو ئەو هەموو هێزە ناکۆکە کارێکی دژوارە. ناکۆکیەکان لەنێوان هێزە تایفیەکان و لیبرالەکان و ئاینیەکان و عەلمانیەکان و پارێزگارەکاندایە. ئێستا لە عێراق ژمارەیەکی زۆر لە بێوەژن هەیە کە دەتوانن زۆر شت بکەن. دەکرێ سوود لەم حالەتە وەربگیرێت بۆ ئەوەی باس لەو جیاکاری و نریتانە بکرێت کە زیان بەن بێوەژنانە دەگەیەنێت.

وەهەروەها دەبێت تێبینی بکەین کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق توانیویەتی گەشە بکات لە ئەنجامی فەندی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەکان. هەرکە دۆنەرەکان ڕوو وەرگێڕن ئەوا کۆمەڵگەی مەدەنی هەست بە لاوازی پشتگیری دەکات. چۆن بەسەر ئەم بەربەستە دا زاڵ دەبیت ئەمە کێشەی چەند سالێکی داهاتووە .

لەکۆتاییشدا، ئەو جیاوازیە گەورەیەی کە لەنێوان پیاو و ژندا هەیە لە عێراق و ڕەنگی داوەتەوە لە کۆمەڵگەی عێراقی بەربەستێکی زۆر گەورەیە لە بەردەم یەکسانی جەندەری. لەوانەیە گەورەترین بەربەست بریتی بێت لە دروست کردنی پردی پەیوەندی لە نێوان پیاو و ئافرەت کە هەمان بۆچوونیان هەبێت سەبارەت بە یەکسانی جەندەری و مافەکانی مرۆڤ .

-1ديمانە لە ڕێگەی سکایپەوە
-2ديمانە بە تەلەفۆن 14 12 2011 ستوکهۆلم 12 2 2012
-3ديمانە هەولێر 17 1 2012
-4ئینلۆ 2012 ، 121

ڕێکخراوی کڤینا تل کڤینا (ئافرەت بۆ ئافرەت) پشتگیری ئافرەتان دەکات لە کاتەکانی جەنگ و ململانێکان بە مەبەستی زیادکردنی دەسەڵاتیان و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە. ئێمە هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ 130 ڕێکخراو کە کار بۆ ئافرەتان دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری کاری بنیادنان و ئاشتەوایی بکەن .
لە کاتی جەنگ و ململانێکاندا، توندوو تیژی دژی ئافرەتان بەکارهاتووە وەکو یەکێک لە شێوازەکانی جەنگ، ئافرەتان ڕووبەڕووی دەستدرێژی بەکۆمەڵ و شێواندنی جەستەو کشتن بوونەتەوە. ئافرەتان لە ماڵەکانیان دەسست بەسەرکراون و کچان قەدەغەکراون لە خوێندن، دەنگی ئافرەتان کپ کراوەتەوە بۆ ئەوەی هەست و سۆزەکانیان دەرنەبڕن .

بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە ئافرەت ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی. جیهان شایەتحاڵی ئەم ڕاستیە بوون لە بەلقان و لایبیریا و بەهاری عەرەبی. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت زۆر بە کەمی ڕێگەی پێدەدرێت ڕۆلی هەبێت لە بڕیاردان دەربارەی چۆنیەتی گەیشتن بە ئاشتی و دیموکراسی. هەرلەبەر ئەمەشە ڕێکخراوی کڤینا تل کڤینا بوونی هەیە. ڕێکخراوە هاوکارەکانمان ووشیاری خەلک بەرز دەکەنەوە دەربارەی مافەکانی ئافرەت و کاردەکەن لەسەر کێشە تەندروستیەکانی ئافرەت و لەناو بردنی توندو تیژی دژی ئافرەتان. ئەم ڕێکخراوانە هەل دەرەخسێنن بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی کۆببنەوەو چاویان بە یەکتر بکەوێت، چونکە شوێنی تر نیە بۆ چاوپێکەوتن بۆ ئافرەتان. هەروەها کاریگەری سیاسیان دەبێت و دایەلۆگ بەرپا دەکەن لەسەرو بەندی ململانێکاندا .

ڕێکخراوی کڤینا تل کڤینا دامەزراوەیەکی سویدیەو پشتگیری ڕێکخراوی ئافرەتان دەکات لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری قۆقاس و ڕۆژ ئاوای بەلقان. ڕۆلی ڕێکخراوی کڤینا تل کڤینا بریتیە لە پێدانی پشتگیری دارایی و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکان بە یارمەتی ڕێکخراوە هاوکارەکان .

پەیامی ئێمە بریتیە لە بەشداریکردن لە بەهێزکردنی بزووتنەوەکانی ئافرەتان  لە ناوچەکانی جەنگ. ئێمە کاریگەریمان دەبێت لەسەر یارمەتی پەرەپێدان و سیاسەتەکانی ئاسایش بە هۆی بەرزکردنەوەی ووشیاری دەربارەی باروودۆخی ئافرەتان لە ناچەکانی جەنگ و گرینگی نوێنەرایەتی کردن و بوونی ئافرەت لە پرۆسە ئاشتیخوازەکاندا. ئێمە زانیاری دەربارەی ئافرەتانی ناوچەکانی جەنگ بڵاودەکەینەوە بۆ ڕای گشتی و دامودەزگاکانی حکومی و ڕێکخراوەکانی سوید و یەکێتی ئەوڕوپا و نەتەوە یەکگرتووەکان  .

هەروەها ئێمە پشتگیری لێکۆلینەوەو توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە بارودۆخی ئافرەتان دەکەین لە ناوچەکانی جەنگ هەروەها کاریگەریە ئیجابیەکانی بەشداری ئافرەتان لە دەستپێشخەریە ئاشتیخوازەکاندا .

Kvinna till Kvinna

دەسەڵاتی یەکسان    ئاشتی بەردەوام لە ڕووی داراییەوە پشتگیری
لێکراوە لە لایەن دەستەی سەقامگیری کۆمسیۆنی ئەوڕووپیەو
: http://eeas.europa.eu/ifs/index_en.htm
ناوەرۆکی ئەم دۆکیومێنتە بەرپرسیارەتی تاکلایەنەی ڕێکخراوی
کڤینا تل کڤینایە و لە ژێر هیچ بارودۆخێک نابێت لێکبدرێتەوە بە
بۆچوونی یەکێتی ئەورویا